# دیمانە لەگەڵ هونەرمەند خاتوو (سوهام حەسەن)



ئا: زیاد کەریم

**سوهام حەسەن یەکێکە لەو دەنگە بەسۆزانەی کە ساڵانێکە گۆرانی بۆ عەشق و ئەوین دەچڕێ، خاوەنی کۆمەڵێك گۆرانی بەپێزە، جگە لە هونەری گۆرانی بەشداری لە چەندین کاری درامای تەلەفزیۆنییداکردووە. بە پێویستمانزانی بە چەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.**

-سەرەتا،دەربارەی ئەوەی لە نێوان گۆرانیو دراما کاتەکانی زیاتر بۆ کامیان تەرخانکردووە؟

+من هەر کارێك حەقی تەواوی خۆی بۆ تەرخان دەکەم جا چ گۆرانی بێت یان دراما، لەبەر ئەوەی هەردووکیان بەلای منەوە گرنگو خۆشەویستن.

-کام هۆنراوە هەڵدەبژێریو زیاتر خۆتی لەناو دەبینیەوە؟

+زیاتر وەك حەزی خۆم ئەو هۆنراوانە هەڵدەبژێرم کە لە خۆم نزیکن واتا بابەتی دابڕانو عەشقو خۆشەویستی لە بابەتەکانم دەبینرێنو کارم بۆیان کردووە، نزیکن لێم.

-دوا پرۆژەت چییە؟

+(خەونو خولیا) ناونیشانی سیدییە تازەکەمە کە بە دەنگو ڕەنگەوە لەم ڕۆژانەدا بڵاودەبێتەوە. (هەشت) گۆرانی لە خۆگرتووە وێنەی هەموو کلیپەکانیش لە کوردستان گیراوە ئاوازو هۆنراوەکانیشی لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد چاوشین کاری بۆکردووە.

(بێ سەرپەرشتان) زنجیرە درامای کەناڵی ئاسمانییە (هەشت) ئەڵقەیە لەدەرهێنانی ئەمیر تەهایەو سیناریۆی ئازاد خەمەیە، کە من دەوری سەرەکیم تیا بینیوە.